نەخشەدانانی چاوەدێریی نەخۆش پێش دەرچوونی لە نەخۆشخانە

زانیاریی بۆ تۆ کە لەوانەیە پێویستیت هەبێ بە کۆمەك لەلایەن شارەوانیی یان تیمارکاریی سەرەکی کاتێ دەردەچی لە نەخۆشخانە

کات و شوێن بۆ نەخشەدانانی دەرچوونم لە نەخۆشخانە

.....

Region Örebro län

وەها ئامادەی خۆت دەکەیت

گرنگە کە تۆ و خزمەکانت زانیاریتان وەرگرتووە لەبارەی تەندروستییتەوە و چۆن نەخۆشێکەت دەتوانێت کاربکاتە سەر بارودۆخت لەگەڵ تێپەڕبوونی کاتدا. ئەگەر تۆ یان ئێوە پێتانوایە کە زانیارییتان نیە، دەتوانیت داوابکەیت لە پزیشکەکەت یان کەسێکیتر کە خەریکە بە تیمارکردنی تۆوە، گفتوگۆبکەی لەگەڵیدا.

تکایە لە خوارەوە پێویستیی و پرسیار و بیرلێکردنەوەکانت بنووسە تا وەڵامیان وەربگریت.

یاداشتی خۆیی

.....

.....

.....

.....

.....

ئامانجی نەخشەدانان ئەوەیە کە تا لە توانادا بێت تۆ بتوانیت بگەڕێیتەوە بۆ ژیانێکی سەربەخۆ کاتێ دەردەچیت لە نەخۆشخانە.

نەخشەدانانی چاودێریی نەخۆش پێش دەرچوونی لە نەخۆشخانە، مانای چییە؟

نەخشەدانانێکی چاودێریی نەخۆش پێش دەرچوونی لە نەخۆشخانە، کۆبوونەوەیەکە کە تیایدا تۆ و خزمەکانت چاوتاندەکەوێت بە کارمەندان کە سەربە شارەوانیی و ئەنجومەنیی هەرێمەکەتن. ئێوە باسی ئەوە دەکەن کە تۆ چ پێویستییەکت هەیە بە کۆمەك پاش دەرچوونت لە نەخۆشخانە.

ڕەزامەندیی

گۆڕینەوەی زانیاریی لە نێوان شارەوانیی و دەستگای چاودێریی سەرەکیی نەخۆش، کە پێوەندە بە تەندروستییتەوە، تەنیا دەکرێت ئەگەر تۆ ڕەزامەندیت پێشکەشکردبێت بۆ کردنی ئەم کارە.

نەخشەدانانەکە لەوانەیە باسیی ئەمانە بکات

- خزمەتکردنی کەسیی تۆ
- دەرمانەکانت
- پێویستییت بە وەرزشکردن و کەرەسەی یارمەتیی
- ئەو یارمەتییانە کە خزمەکان دەتوانن بیدەن بە تۆ
- خزمەتکردنی ماڵەکەت
- ڕێگەگر لە خانووەکەت و ژینگەی دەوروبەرت

بەپێی پێویستییەکانت دەتوانی داوای کۆمەك بکەیت لە شارەوانیی. کارمەندێکی ڕاپەڕێنەر لێکۆڵینەوە دەکات تا بزانێت چ مافێکت هەیە بۆ وەرگردنی یارمەتیی بەپێی ئەو داخوازینامەیە کە کردووتە.

کێ دەتوانێ بەشداربێ؟

ئەو کەسانە کە بەشداردەبن لە نەخشەدانانەکە، تۆ و کارمەندی شارەوانین. ئەگەر بخوازی، خزمەکانتیش دەتوانن بەشداربن. کارمەندی نەخۆشخانەکە بە تەنیا یان لەگەڵ کارمەندی ناوەندی تەندروستیی، دەتوانن بەشداربن. ئەگەر پێویستیکرد، وەرگێڕێکی دەمی ئامادەدەکرێت.

پاش ئەنجامدانی کۆبوونەوەکە

کاتێ تۆ دەردەچیت لە نەخۆشخانەکە، نەخشەیە وەردەگریت کە تیایدا نووسراوە چۆن نەخشەدادەنرێت بۆ چاودێریی و خزمەتکردنی بەردەوامت. نەخشەدانانەکە دادەنرێت بۆ یەکەم کات پاش دەرچوونت لە نەخۆشخانە. پاشان نەخشەدانانییەکیتر بۆت دەکرێت و کۆمەکەکە چاکدەکرێتەوە بۆ ئەوە بگونجێت لەگەڵ پێویستییەکانتا. بێجگە لە نەخشەکە، کورتە باسێکی نوسراو وەردەگریت کە لەبارەی کاتی چاودێرییە و هەرەوەها زانیارییش وەردەگریت لەبارەی ئەو دەرمانانە کە بەکاریان دەهێنی.